www.kurdistannet.org
24-7-2006 11:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێشکەوتن لە نێوانی ناوەڕۆک و دیکۆردا ... زانا خەلیل

کە بەمدواییانە پارە زۆربووە لە کوردستان و کۆمەڵی گۆڕانکاری ڕوویانداوە، ئایا دەکری ناوی ئەو گۆڕانکارییانە بنێین پێشکەوتن؟ یاخود هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگاییێکی مۆدێرن و مەدەنی و قسەی گەورەی لەو بابەتە؟
بێگومان نەخێر.. چونکە ئەوەندەی ئەو گۆڕانکارییانە بە نادادوەری دێنە ئاراوە، هێندەیش ڕووکەش و بی بنەما و دیکۆرین تا وەکو ناوەڕۆکیبن..
* با لە نەخشەی خانوویێك دەست پێبکەین بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە، ئەوەی کە من لە کوردستاندا تێبینیم کردووە ئەوەیە: هێندەی گرینگی بە دیکۆری خانوونیێك دەدری ئەوەندە گرینگی بە ناوەڕۆکی خانووەکە نادری، کەوابی خاوەنی خانوو هێندەی دەیەوی بۆ خەڵك خانوویێك دروست بکا، هێندە بیر لەوە ناکاتەوە خۆی دەیەوی چ خانوویێك بۆخۆی دروست بکا.. !
* تەماشای شەقامەکانی کوردستان بکە، تا چاو بڕ دەکا ئۆتۆمبێلی جوانی لی دەڕوا، بەڵام گەر زۆر وردبیتەوە هەست دەکەیت ئەوە سەیارەکانن پیاوە جەمەدانی لەسەر و پیاوە رووکەشەکان داژۆن نەك بە پێچەوانەوە.. بەشی زۆریشیان ئیجازەیان نییە، بە نمونە: ئەندام پەرلەمانە کەشفبووەکان!
* بڕۆ ناو ماڵێك دەبینی بەقەد ژمارەی خێزان مۆبایل هەیە، بەڵام بەتەنیا لە کوردستان بە قەد هەموو دنیا مۆبایل کێشەی ناوەتەوە.. چونکە نازانن یا نابی مۆبایل بۆ کچەکەت بکڕیت، یاخود ئەگەر کڕیت دەبی چاوەڕوانی ئەوەیش بکەیت کە قسە لەگەڵ کوڕێك دەکات، یاخود جاری لە جاران کوڕێك بە هەڵە تەلەفۆنی بۆ دەکات، یانیش کوڕێك عاشقی دەبی و بە زەنگەکانی ئیزعاجی دەکات.. ئەگەر دەتەوی پۆز لێدەیت و بڵێیت من پێشکەوتووم و ئامێری نوی بە کار دێنم دەبی ئەوە قبوڵ بکەیت، یاخود؟
* لە ژوورەکانی هەر ماڵێك دەگەڕێیت، تەلەفزیۆن و سەتەلایتی تایبەتی هەیە بۆ کوڕێکی گەنج یا کچێکی گەنجی ئەو ماڵە.. بەڵام کاتی کە لە ژوورەکانی هەر ماڵێکدا دەگەڕێیت کۆمەڵێك شەرم دەدۆزیتەوە لە نێوانی دایك و باوك لە لایەك و منداڵەکان لە لایەکی دی، لە ژوورەکانی هەر ماڵێکدا هەموو شتی هەیە بە نمونە: (کەناڵی بە کۆد، کە منداڵەکە دەتوانی بە چاو داخراوییەوە بیکاتەوە)، هەموو شتی هەیە لەو ژوورانەدا تەنیا ڕێنمایی نەبی.
* ئاوڕدەوە هەموو لاکانت بە پۆلیس و مرور و زێرەڤانی و.. تاد گەمارۆ دراوە، خەریکە ژمارەیان لەگەڵ ژمارەی هاوڵاتیان وەکو یەکی لێدی، کەچی سی بەش و نیویان هەموو شتی بزانن، نازانن هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هاوڵاتیان دەبی چۆن بی، سی بەش و نیویان هەموو شتی بزانن، نازانن ئەرکی ئەوان ڕێزگرتنی مرۆڤەکانە و ڕێکخستنی مرۆڤەکانەو باڵادەستکردن و سەروەرکردنی یاسایە، نەك دیکۆرێك کە هەر لە پەیکەرێك بچن و چیتر نا.
ئەو خاڵانەی سەرەوە کورت و خێرابوون، بەڵام ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی بڵێین: هەرگیز و بۆ هەمیشەیی نە ڕوویداوە و نە ڕووشدەدا کە کۆمەڵگایەك بە دیکۆر پێشکەتبی یاخود پێشبکەوی ئەگەر عەقڵی لەگەڵ دانەبی، بێگومان مۆنیکا و مۆمابیل و مۆتێل و نازە مۆڵ و هەموو ئەو شتانە خۆشن و سیمای کۆمەڵگای شارستانین، بەڵام بە مەرجێك عەقڵ بەڕێوەیان ببا، نەك ئەوان عەقڵ بەڕێوە ببەن.